


# شیعری ئازاد و ژنی ئازاد

**نیگار نادر**
**(بەریتانیا)**



ئەو دەمەی هەست بە کارەسات و هەژەندێکی ترسناک دەکەی کە زۆربەی کاوێژ و وڕێنە و پێپڕکە لەناو وشە و مانادا بە شیعری ئازاد ناو دەنرێن و ژنە چەوساوەکان داوای ماف و ئازادی لەبۆ ژنانی کۆمەڵگاکەت بکەن و سیاسییەکان سنوور بۆ نووسەر و ڕۆژنامە نووسەکان دیاری کەن و شاعیرەکان حیزب ڕایاننێ و ژنان هەر چاویان لە دوای ئەو ئازادییەوە بێ کە پیاوان پێیان دەبەخشن و هەموو تێکڕا یەک زمان و یەک پێناسەیان هەبێ بۆ سیاسەت و ئەدەب و مێژوو و ئازادی و ئافرەت. لەژیاندا هەڵدێر زۆرن، چارەنووسسازترینیان هەڵدێری فیکری، هەڵدێری سیاسی، هەڵدێری ئەدەبی و هەڵدێری ئازادین.

زۆرن ئەوانەی ساڵانێکە خەریکی ڕێزکردن و دابێژتن و بەباکردنی وشەن و بە زۆر جۆرە شێوە و ڕەنگ دەیاننووسنەوەو دەیان وەشێنن! لێ هەتا هەن ناتوانن بن بە شاعیر. دنیا پڕە لەو مرۆڤانەی تەمەنێکە گەیشتوونەتە لووتکەیەک لە ڕەهایی هەڵسوکەوت و پۆشینی بەرگی مۆدێرن، لێ هەتا هەن ناتوانن ئازاد بن. هەروەها دنیا لێواو لێوە لەو مێینانەی نوقومن لە مێیایەتی و لێ ناتوانن ڕۆژێک ژنایەتی بەخۆوە ببینن. لێرەدا لە سێ هەڵدێران دەفکرین کە هەڵدێری شیعری و هەڵدێری ئازادی و هەڵدێری ژنایەتین.

شیعری ئازاد زمان و هونەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چۆن لە نووسینی ساتیرە شیعردا دەبێ بە کەمترین وشە جوانترین مانا بەدەستەوە بدەی لەبۆ نووسینی شیعری ئازادیش دەبێ بە زۆرترین وشە جوانترین مانا بدەیە دەست و لێ ئەگەر شارەزاییەکی زۆری لە زماندا نەبێ و فیکریش لە پشتی نەبێ، وەکو چێشتی مجێور دەردەچێ. زۆر کەس هەنە تەمەنێکە دەبەر وشە و فەرهەنگ و کتێبان ڕاچوونە، بەڵام دە کەس ناویان نازانێ و ناوی هیچ دیوانێکیان لە مێشکی کەسدا نەچەسپیوە، هەندەکی دی هەنە لەوەتەی دەنووسن بە کۆمەڵێک وشەی لێکچوو و سواو چەند دیوانیان نووسیوە و وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی دی و خزێنراونەتە ناو فیستیڤاڵان و خەڵات کراون، لێ چونکە شاعیر نەبوون کەس لە بیرشی نەماون و بەسەرچوون. نووسەری بەسەرچوو هەر هەوڵێک بدا خوێنەر ناهەژێنێ، زۆری دی شاعیر بوونە، بەڵام وشە و زمان و شیعرەکانیان کردووەتە کەرەستەی حزبایەتی دەسەڵاتداران کە تەنیا بوونەتە یادەوەری نووسێک زۆری دی هەرچی نامەی دڵداری و یادداشت و خەونەکانیان تێکەڵ کردوون و دەیان وەشێنن بە ناوی شیعری ئازاد، لێ هەموو ئەوانە دە هەڵدێر دەکەون. بە دیوێکی دیدا زۆر کەس هەبوون شاعیری باش بوون، زمانزان و خوێندەوار و شارەزابوون، شیعری ئازادیان بە شارەزاییەوە نووسیوە، بەڵام چونکە پشوو درێژو خۆڕاگر نەبوونە وەبەر دەستاڕی حیزبایەتی کەوتوون و بزر بوون، هەروەها هەندەک مرۆڤ هەنە زۆر ئازادانە لە ژیاندا ڕەفتار دەکەن و دێن و دەڕۆن، لێ چونکە ئازا نین و جەسارەتیان نییە وەکی پووشی بەر بایان لێ بەسەر دێ، نازانن سنووری ئازادی لەکوێ کۆتایی دێ و لە کوێندەرێ سنووری ئازایەتی دەست پێ دەکا، هەندەکی دی ئازادی وەها وڕیان دەکا هەتا لە ژیاندا بن بیر لە ئازایەتی ناکەنەوە، هەندەکی دی ئازادی وا لە پەلوپۆیان دەخا هەتا دەشمرن، ناتوانن جارێک هەستنەوە و ئاوڕێک بۆ پاش خۆ بدەنەوە، بە دیوێکی دیدا بنۆڕین مرۆڤ هەنە زۆر ئازان، بەڵام ناتوانن لەنێوان ئازادی و ئازایەتیاندا خۆڕاگرن، لە هەموو قۆناغێکی ژیاندا ئازایەتییان دەنوێنن، ئازایەتی بیرکردنەوە و ئازایەتی گفتوگۆ و ئازایەتی ڕەفتار لێک هەڵاوێرد ناکەنەوە، بۆیە هەر زوو هەڵدەدێرین و سڕگوم دەبن، دنیا پڕە لەو مرۆڤانەی داوەستاون لە مێینەتی، بەڵام هەتا دەمرن لەبۆ ساتێکیش ژن بوون بەخۆوە نابینن و ژنایەتی لە ڕۆحیاندا ڕەگ داناکوتێ و ژنایەتی بەبیرکردنەوە و ژنایەتی بە ئاخافتن و ژنایەتی بە ڕۆح و ژنایەتی بە کردار لێک جودا ناکەنەوە، نازانن لەکوێ مێیاتییان بینا دەکەن، لە چ قۆناغێکدا ژنایەتی لە ڕۆحیاندا دەچەسپێنن و هەتا کوێندەرێ دەبێ ئازادبن و لەکوێڕا دەبی ئازادییان بینا بکەن.

زۆریان هەنە بە هەموو ڕەنگ و دەنگ و ڕوویەک ژەخۆدەدوێن بە ڕووی ژنایەتی نەبێ، مێینەتی تەنیا وەکو جەستە لەشیعردا بوونی هەیە و بۆنی دێ، زۆر کەمن ئەو شیعرانەی ژنیان وەکو ڕۆح و مرۆڤ تێدا داڕێژراوە و بە دیوێکی دیدا لە زۆربەی ئەو نووسینانەی بەناو شیعری ئازاد دەوەشێنرێن، هەموو شتێکیان تێدا دەبینییەوە تەنیا شیعر نەبێ. زۆربەی ئەو ئازادیانەی بەناوی ئازادی ژنەوە پێناسە دەکرێن، هەموو مێیێەتیەکیان تێدایە تەنیا ژن بوون نەبێ.

*** هەژەند: سەرسووڕهێنەر.**
*** تێبینی: وشەی ژن و ئافرەت بەیەک مانا بەکاردێنم تەنیا بۆ جوانی دەربڕین ئاڵوگۆڕیان دەکەم.**